# ڕێبەری هەڵبژاردنی نیوەیی لە ئەمریکادا | 2026


شیکردنەوەی سیستمی هەڵبژاردن، دابەشبوونەوەی بازنەکان، دارایی بانگەشەی هەڵبژاردن و سنووربەندییەکان، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی نیوەیی کۆنگرێسی ئەمریکا و پاڕێزگارەکان


**ئارام جەمال**

سەرۆکی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE

**سەربەست مستەفا**

سەرۆکی ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن

- ناونیشان: ڕێبەری هەڵبژاردنی نیوەیی لە ئەمریکادا | 2026
- ئامادەکراوە لەلایەن: - سەربەست مستەفا، سەرۆکی ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن - ئارام جەمال، سەرۆکی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE
- جۆری بابەت: هەڵبژاردن و پرسی دیموکراسی
- بەرواری دەرچوون: تشرینی دووەمی - 2026

## لە بڵاوکراوەکانی هەردوو ڕێکخراوی " STEP" - "KIE "

پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE

.....

ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانجنەویستە، ناوەڕاستی ساڵی (2002) لەلایەن چەند یاساناس و پارێزەرێکەوە دامەزرێنراوە، هەوڵدەدات لە پێناو بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی مەدەنیی دەنگدەران و پشکداریی لە هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردنە گشتییەکان و چاودێریکردنی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان.

ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن

.....

ڕێکخراوێکی نیشتمانیی سەربەخۆی ناحکومی قازانجنەویستە و چاودێریی هەڵبژاردنە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات و خۆبەخشانە هەوڵدەدات لەپێناو بەرزکردنەوە و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لە بوارەکانی هەڵبژاردن، دیموکراسی و حوکمڕانی باشدا.



پێشەکی:..... 4
چەند زانیارییەکی گشتی ..... 5
گرنگی و بایەخی هەڵبژاردنی نیوەیی ..... 6
پێکهاتە و ماوەی خولەکانی هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و پیران..... 7
دوو سیستمی هەڵبژاردن و دوو شێوازی دەنگدان..... 8
یەکەم: سیستمی براوەی یەکەم (FPTP) ..... 8
دووەم: شێوازی دەنگدانی پلەبەندیی..... 8
ناهاوسەنگیی نێوان دەنگەکان و بەرکەوتەی کورسییەکان..... 9
داڕشتنەوەی بازنەکان و دیاردەی جێریماندەرینگ..... 11
پارەدارکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن و سنووربەندییە یاساییەکان..... 12
سەرچاوەکانی دارایی و سنووربەندییە یاساییەکان..... 12
ئاراستەی خەرجییەکان لە هەڵبژاردنی نوێکردنەوەی نیوەیی (2026)دا ..... 12
دۆخی دارایی ژیانی حزبایەتی لە ئەمریکادا..... 13
پێدانی بودجە بە حزبی تازە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی: ..... 13
ڕێکخستنی یاسایی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن..... 14
سەقفی بەخشین بە حزبەکان لەلایەن تاکەکەس و کۆمپانیا و سەندیکاکانەوە:..... 15
سنووربەندیی خەرجییەکانی کۆماریییەکان و دیموکراتەکان..... 16
چاودێریکردن و مەرجەکانی خەرجکردن ..... 16
کاتەکانی بڵاوکردنەوەی ئەنجامە فەرمییەکانی هەڵبژاردنی نیوەیی..... 17
ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی نیوەیی ئەنجومەنی نوێنەران و پیران (2026) ..... 18
وەرچەرخانە سەرسوڕهێنەرەکان لە ویلایەتە یەکلاکەرەوەکاندا..... 19
دەرەنجام و لێکەوتە سیاسییەکانی هەڵبژاردنەکە (2027 –2029)..... 20
**فەرهەنگۆک:**..... 21
سەرچاوەکان: ..... 27

## پێشەکی

هەڵبژاردنی نیوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (Midterm Elections)، سەرەڕای ئەوەی لە نیوەی خولی سەرۆکایەتیدا بەڕێوەدەچن و ناوی سەرۆکی تێدا نییە، بەڵام لە واقیعدا گرنگترین وێستگەی هەڵسەنگاندنی ئەدای کۆشکی سپی و دارشتنەوەی نەخشەی دەسەڵاتن لە واشنتۆن. ئەنجامەکانی 3ی تشرینی دووەمی 2026 جارێکی دیکە ئەو راستییە دەستووری و سیاسییەیان سەلماندەوە، کە سیستەمی «چاودێری و هاوسەنگی» (Checks and Balances) لە ئەمریکادا چۆن دەتوانێت ئاراستەی حوکمڕانی بگۆڕێت و دەسەڵاتی یاسادانان بکاتەوە بە جەمسەرێکی سەرەکیی بڕیاردان.

پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE) و ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن، وەک دوو ڕێکخراوی تایبەتمەند لە بواری هەڵبژاردندا، بۆ گواستنەوەی ئەزموونەکانی دیموکراسیی لە وڵاتانی جیهاندا و شیکردنەوەی میکانیزمەکانی هەڵبژاردن بۆ خوێنەر، توێژەر و ناوەندە سیاسی و میدیاییەکانی کوردستان، ئەم ڕێبەرەی لە چوارچێوەی ئەرکە زانستی و هۆشیارییەکانیاندا ئامادە کردووە.

ئامانجمان لەم بەرهەمەدا تەنها خستنەڕووی ژمارە و کورسییەکانی هەڵبژاردنی نیوەیی "سەد و بیستەمین"ی کۆنگریسی ئەمریکا نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن یاساکانی هەڵبژاردن، شەفافیەتی دارایی و سەربەخۆیی دامەزراوەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دەتوانن متمانەی هاوواڵتیان بە پرۆسەی دیموکراسی بگێڕنەوە.

بۆ ئێمە؛ شیکردنەوەی ئەزموونی هەڵبژاردن لە ئەمریکادا تەنها چاودێریکردنی ڕووداوێکی دەرەکی نییە، بەڵکو ڕووداوێکە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە.

هیوادارین ئەم ڕێبەرە ببێتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو و سوودبەخش بۆ هەموو ئەوانەی بەدوای تێگەیشتنێکی قوواڵتر و زانستییانەدا دەگەڕێن سەبارەت بە سیستەمی هەڵبژاردن و سیاسەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا.

لە کۆتایی ئەم ڕێبەرەدا، بەپێی ریزبەندیی پیتی ئەبجەدی، فەرهەنگۆکێك بۆ زاراوە و چەمکەکانی بواری هەڵبژاردن و سیاسەتە گشتییەکانی ئەمریکا ئامادەکراوە، بە ئامانجی ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنی زیاتر لە بارەیانەوە.

## چەند زانیارییەکی گشتی

- ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا 50 ویلایەتە و هەر ویلایەتێك پەرلەمان و حکومەت و سیستمی دادوەریی تایبەت بەخۆی هەیە.
- یاساکانی ویلایەتێك لەگەڵ ویلایەتێکی دیکەدا جیاوازە، بۆ نمونە لە هەندێك ویلایەتدا تا ئێستاش سزای لەسێدارەدان هەیە بەڵام لە هەندێکی دیکەیاندا نییە.
- لەناو پەنجا ویلایەتەکەی ئەمریکادا، 3066 (یەکەی کارگێڕیی-County) جۆراوجۆر هەن، بچوکترینیان "یەکەی کارگێڕیی ئارلنگتۆن"ـە لە ویلایەتی ڤیرجینیا، کە ڕووبەرەکەی 67 کم دووجایە، گەورەترینیان "یەکەی کارگێڕیی هاوتای نۆرث سلۆپ"ـە لە ویلایەتی ئالاسکا، کە ڕوبەرەکەی 228,439 کم دووجایە.
- کەمترین ژمارەی دانیشتوان لە یەکەی کارگێڕیی لۆڤینگە (Loving county) لە ویلایەتی تەکساس، کە ژمارەی دانیشتوانەکەی 52 کەسە و گەورەترینیان یەکەی کارگێڕیی لۆس ئەنجلسە لە ویلایەتی کالیفۆرنیا، کە ژمارەی دانیشتوانەکەی 9 ملیۆن و 694 هەزار و 934 کەسە.
- هاوڵاتی ئەمریکایی لەپاڵ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگریس و سەرۆکی وڵات و پارێزگارەکاندا، دوو شێوازی دیکەی هەڵبژاردنیان هەیە:
  - شێوازی یەکەم: دەستپێشخەریی دەنگدان "مبادرە الاقتراع":

میکانیزمێکە بۆ ئەوەی هاوڵاتیان دەستپێشخەری بکەن بۆ دەنگدان لەسەر پرسێکی سیاسی، ئابوری، دارایی دیاریکراو، کە پەیوەندی بە ویلایەتەکەیان یان حکومەتە خۆجێیەکەیانەوە هەیە لەسەر ئاستی شار و گوندەکانیان. لەکۆی 50 ویلایەتەکەی ئەمریکا تەنها 24 ویلایەتیان مافی ئەم دەستپێشخەرییەی دەنگدانی هەیە.

  - شێوازی دووەم: گشتپرسیی لە یاساسازیدا :

دوای ئەوەی پەرلەمانی ویلایەتێك ناگاتە ڕێککەوتن لەسەر یاسایەکی دیاریکراو، لەوکاتەدا پەرلەمان دەگەڕێتەوە بۆ وەرگرتنی بیروڕای هاوڵاتیانی ئەو ویلایەتە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی گشتپرسییەوە ئەو پرسە لە یاساکەدا یەکلابکەنەوە.

- **دەستووری نوسراوی ئەمریکا؛** ساڵی 1787 داڕێژرا و واژۆ کرا. لە ساڵی 1788دا ژمارەی پێویستی ویلایەتەکان پەسەندیان کرد و لە ساڵی 1789دا حکومەتی فیدراڵیی نوێ بەپێی دەستوورەکە دەستبەکار بوو. دەقی بنەڕەتیی دەستوورەکە لە پێشەکییەك و 7 ماددە پێکهاتووە و تا ئێستا 27

جار هەمواركراوەتەوە. 10 هەمواری یەکەمی دەستورەکە، کە بە بەڵگەنامەی مافەکان (Bill of Rights) ناسراوە، لە ساڵی 1791دا پەسەند کران. هەمواری 26ەم لە ساڵی 1971دا مافی دەنگدانی هاوواڵتیانی 18 ساڵ و بەرەوژووری لە ڕووی تەمەنەوە دەستەبەر کرد. هەمواری 27ەم، وەك دوا هەموار، لە ساڵی 1992دا پەسەندکرا.

بەهۆی جیاکردنەوەی سێ دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەریی لەیەکتر، هیچ ئەندامێکی کابینەی حکومەت بۆی نیە لەهەمانکاتدا ئەندامی کۆنگرێسیش بێت، تەنانەت سەرۆکی ئەمەریکا ساڵی تەنها جارێك و لە وتاری ساڵانەدا (State of the Union) سەردانی کۆنگرێس دەکات.

- هەردوو پارتە سیاسییە گەورەکەی ئەمریکا، دیموکراتەکان و کۆمارییەکان ڕەمزو سیمبولی تایبەت بەخۆیان هەیە، سیمبولی دیموکراتەکان (گوێدرێژ)ەو ڕەنگی شینە، لەکاتێکدا سیمبولی کۆمارییەکان (فیل)ە و ڕەنگی سوورە.

## گرنگی و بایەخی هەڵبژاردنی نیوەیی

بەپێی ماددەی یەکەمی دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەسەڵاتی یاسادانان لە کۆنگرێسدا لە دوو ئەنجومەندا کۆکراوەتەوە: ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران. هەڵبژاردنە نیوەییەکان هەر چوار ساڵ جارێك و بە دیاریکراوی دوو ساڵ دوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی (لە یەکەم سێشەممەی مانگی تشرینی دووەم)ی ساڵژمێری هەڵبژاردندا بەڕێوەدەچن.

- پێوانەی جەماوەریی سەرۆك: ئەم هەڵبژاردنە وەك ڕاپرسییەکی نیشتمانی لەسەر سیاسەتەکانی سەرۆکی ئەمریکا لە دوو ساڵی یەکەمی حوکمڕانیدا هەژمار دەکرێت و زۆرجار پارتەکەی سەرۆك ڕووبەڕووی پاشەکشە دەبێتەوە.
- دیاریکردنی ئاراستەی یاسادانان: ئەنجامەکانی ئەم خولە دیاری دەکەن کە ئایا سەرۆك لە دوو ساڵی کۆتایی خولەکەیدا کۆنگرێسێکی هاوپەیمانی دەبێت بۆ تێپەڕاندنی بەرنامەکانی، یان ڕووبەڕوی کۆنگرێسێکی نەیار و ئۆپۆزسیۆن دەبێتەوە.
- کاریگەری لەسەر ئاستی ویلایەتەکان: لە پاڵ کۆنگرێسدا، هەڵبژاردن بۆ 36 پۆستی پارێزگاری ویلایەتەکان و هەزاران کورسیی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوخۆیی بەڕێوەدەچێت، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی هاوواڵتیان و ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی 2028 هەیە.

## پێکهاته و ماوەی خولەکانی هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و پیران


- **ئەنجومەنی نوێنەران** (House of Representatives):

لە 435 ئەندام پێکدێت و هەر دوو ساڵ جارێک سەرجەم کورسییەکان هەڵدەبژێردرێنەوە. هەر ویلایەتێک بەپێی ژمارەی دانیشتووانەکەی (کە هەر 10 ساڵ جارێک لە ڕێگەی سەرژمێرییەوە دیاری دەکرێت) ژمارەیەک کورسی بەردەکەوێت، بە مەرجێک هیچ ویلایەتێک لە 1 کورسی کەمتری نەبێت (وەک ویلایەتەکانی ئالاسکا و وایۆمینگ).

- **ئەنجومەنی پیران** (Senate):

لە 100 ئەندام پێکدێت (2 سیناتۆر بۆ هەر ویلایەتێک بێ گوێدانە ژمارەی دانیشتووان). ماوەی خولی سیناتۆر 6 ساڵە، بەڵام هەر دوو ساڵ جارێک نزیکەی یەک لەسەر سێی کورسییەکان (33 بۆ 35 کورسی)ی ئەنجومەنەکە بە کێبڕکێی هەڵبژاردن نوێدەکرێنەوە.

پێش هەڵبژاردنی نیوەیی 3ی نۆڤەمبەری 2026، لەو 35 کورسییەی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا کە هەڵبژاردنیان بۆ کرا، 22 کورسی لە دەستی کۆماریيەکان و 13 کورسی لە دەستی دیموکراتەکاندا بوو. بەڵام ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە هەڵگەڕایەوە و لەو 35 کورسییە دیموکراتەکان 22 کورسی و کۆماریيەکان 13 کورسییان بردەوە.



## دوو سیستمی هەڵبژاردن و دوو شێوازی دەنگدان

لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و پیرانی ئەمریکادا، کاندیدەکان بە دوو جۆر سیستمی هەڵبژاردن دەردەچن، کە ئەوانیش سەر بە خێزانی سیستمی هەڵبژاردنی زۆرینە/ فرەیین. هاوکات هەریەک لەم سیستمانەی هەڵبژاردنیش شێوازێک لە دەنگدان لەبەردەم دەنگدەردا دەڕەخسێنن،

### یەکەم: سیستمی براوەی یەکەم First-Past-the-Post (FPTP)

کۆنترین سیستمی هەڵبژاردنە لە مێژوودا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای پێدەناسرێتەوە؛ براوەی یەکەم تەنها لە بازنەی یەک کورسی/ نوێنەردا پیادەدەکرێت. هاوکێشەی ئەم سیستمە ئەوەیە کە {هەر کاندیدێک زۆرترین دەنگ بهێنێت براوەیە}، تەنانەت ئەگەر ڕێژەی دەنگەکانی نەگاتە زۆرینەی ڕەهاش (واتە 50٪+1). هەربۆیە ئەم سیستمە بە زۆرینەی سادەش ناودەبرێت.

لە هەندێک ویلایەتی وەک جۆرجیا و لویزیانا، پاڵپشت بە یاسای ناوخۆی ویلایەتەکانی خۆیان، سیستمی هەڵبژاردنی "دوو خولی -" پەیڕەو دەکرێت، واتە دەبێت کاندیدی براوە لە بازنەکەیدا زۆرینەی ڕەها (50٪+1)ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت.

شێوازی دەنگدان لە سیستمی زۆرینەی سادەدا؛ بۆ هەر دەنگدەرێک یەک دەنگ.

### دووەم: شێوازی دەنگدانی پلەبەندیی (Ranked-Choice Voting – RCV):

. لەم شێوازی دەنگدانەدا، دەنگدەر کاندیدەکان بەپێی ویستی خۆی ڕیزبەند دەکات (یەکەم، دووەم، سێیەم...). ئەگەر هیچ کاندیدێک لە گەڕی یەکەمدا زیاتر لە (50٪)ی دەنگەکانی نەهێنا، کاندیدی خاوەن کەمترین دەنگ دەردەکرێت و دەنگەکانی دەگوازرێنەوە بۆ بژاردەی دووەمی دەنگدەرەکانی، تا یەکێک دەگاتە زۆرینەی ڕەها.

شێوازی دەنگدانی پلەبەندیی لە هەڵبژاردنەکانی هەردوو ئەنجومەنەکەی نوێنەران و پیرانی ویلایەتەکانی وەک "ئالاسکا" و "مەین"دا پەیڕەو دەکرێت. هەروەها لەسەر ئاستی شارەوانییەکان (Municipalities)ی دەیان شاری گەورە و بچووکی ئەمریکادا بەکاردێت، لەوانە وەک: شاری نیویۆرک، سان فرانسیسکۆ، ئۆکلاند، مینیاپۆلیس، سانت پۆڵ و سالت لەیک سیتی.

هاوکات ئەم شێوازی دەنگدانی پلەبەندییە، لە هەندێک ویلایەتی وەک ئەلاباما، ئارکانساس، جۆرجیا، لویزیانا، میسیسیپی، و کارۆلایناى باشوور، تەنها بۆ ئەو هاووڵاتی و سەربازانە بەکاردێت کە لە دەرەوەی ئەمریکان و لە ڕێگەی پۆستەوە دەنگ دەدەن.

## ناهاوسەنگیی نێوان دەنگەکان و بەرکەوتەی کورسییەکان

ئەو ڕەخنەیەی کە توێژەران و چاودێرانی سیاسی ئاراستەی سیستەمی هەڵبژاردنی ئەمریکای دەکەن، کە بە "ناهاوسەنگیی نێوان دەنگی گشتی و کورسییەکان" یان Disproportionality ناسراوە، ڕەگ و ڕیشەیەکی یاسایی و جوگرافیی و سیستەمی هەیە.

بەپێی بنەما دەستوورییەکان و ئەو میکانیزمانەی لە ڕێبەرەکەشدا باسمان کردون، هۆکارە سەرەکییەکان و دیارترین نموونە میژوویییەکان ئەمانەن:

### یەکەم: هۆکارە سەرەکییەکانی جیاوازیی نیوان دەنگ و کورسی:

- **سیستەمی زۆرینەی سادە لە بازنەی تاک-نوێنەردا (First-Past-the-Post):**

لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا، هەر بازنەیەك تەنها یەك کورسی هەیە و کاندیدی براوە هەموو کورسییەکە دەبات، تەنانەت ئەگەر تەنها بە جیاوازیی چەند سەد دەنگێکیش پێش ڕکابەرەکەی کەوتبێت. بەم شێوەیە ئەو دەنگانەی لەو بازنەیەدا دەدرێن بە کاندیدی دۆڕاو، لەسەر ئاستی نیشتمانی کاریگەرییان لەسەر زیادکردنی کورسییەکانی پارتەکە نابێت.

- **دیاردەی جێریماندەرینگ (Gerrymandering):**

کاتێك سنووری جوگرافیی بازنەکان لەلایەن پارتە بالادەستەکانەوە بە شێوەیەك دادەڕێژرێتەوە، کە دەنگدەرانی پارتی بەرامبەر لە چەند بازنەیەکی دیاریکراودا بەلای زیادەوە کۆبکرێنەوە (Packing) یان بەسەر چەند بازنەیەکدا پەرتەوازە بکرێن (Cracking)، پارتێك دەتوانێت بە ڕێژەیەکی کەمتری دەنگی گشتی، ژمارەیەکی زۆرتری کورسی بباتەوە.

- **پێکهاتەی ئەنجومەنی پیران (Senate):**

لە ئەنجومەنی پیراندا هەر ویلایەتێك 2 سیناتۆری هەیە، بێ گوێدانە ژمارەی دانیشتووانەکەی. بۆ نموونە، ویلایەتی وایۆمینگ (کە کەمتر لە 600 هەزار دانیشتووی هەیە) هەمان 2 کورسیی ویلایەتی کالیفۆرنیای هەیە (کە نزیکەی 39 ملیۆن دانیشتووی هەیە). ئەمەش وا دەکات پارتێك کە لە ویلایەتە کەم دانیشتووەکاندا بەهێزە، کورسیی زۆر بباتەوە بێ ئەوەی زۆرینەی دەنگی گشتیی هاوواڵاتیانی ئەمریکای هێنابێت.

- **کۆڕبەندی هەڵبژاردن (Electoral College):**

لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا، سیستەمەکە لەسەر بنەمای بردنەوەی ویلایەتەکانە (Winner-Take-All لە زۆربەی ویلایەتەکاندا)، نەك کۆی دەنگی گشتیی هاوواڵاتیان (Popular Vote).

دووەم: دیارترین ئەو هەڵبژاردنانەی ئەم جیاوازییەیان تێدا رووبداوە:

لە مێژووی ئەمریکادا چەندین وێستگەی دیار هەن، کە تێیاندا کاندیدی پارتێك زۆرینەی دەنگی گشتیی هێناوە، بەڵام کورسیی کەمتری بردووەتەوە (یان بەپێچەوانەوە):

- **هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ساڵی 2000:** کاندیدی دیموکراتەکان (ئال گۆر) لەسەر ئاستی ئەمریکا زیاتر لە 540 هەزار دەنگ لە پێش بوو، بەڵام کاندیدی کۆماری (جۆرج دەبلیو بوش) بە جیاوازیی تەنها 537 دەنگ لە ویلایەتی فلۆریدا سەرکەوت و توانی 271 کورسیی کۆمەڵەی هەڵبژاردن بباتەوە (بەرامبەر 266 کورسی).
- **هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی ساڵی 2012:** لەم هەڵبژاردنەدا کاندیدەکانی پارتی دیموکرات لەسەر ئاستی ئەمریکا نزیکەی 1.4 ملیۆن دەنگ زیاتریان لە کۆمارییەکان هێنا (48.8٪ بەرامبەر 47.6٪)، بەڵام پارتی کۆماری توانی 234 کورسیی بباتەوە و زۆرینەکەی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا بپارێزێت بەرامبەر 201 کورسیی بۆ دیموکراتەکان (کە بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ کاریگەریی جێریماندەرینگ و کۆبوونەوەی دەنگدەرانی دیموکرات لە شارە گەورەکاندا دەگەڕایەوە).
- **هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پیرانی ساڵی 2018:** لەم خولەدا کاندیدەکانی دیموکرات زیاتر لە 17 ملیۆن دەنگ زیاتریان لە کۆمارییەکان بەدەستهێنا، بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆربەی کورسییە کێبڕکێ لەسەرکراوەکانی ئەو ساڵە لە ویلایەتە کەم دانیشتوو و نەریتییەکان بوون، پارتی کۆماری توانی 2 کورسیی دیکەش زیاد بکات و زۆرینەی خۆی لە ئەنجومەنی پیراندا بەهێزتر بکات.
- **هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ساڵی 2016:** دیارترین نموونەی سەردەمە؛ تێیدا کاندیدی دیموکراتەکان (هیلاری کلینتۆن) لەسەر ئاستی ئەمریکا نزیکەی 2 ملیۆن و 87 هەزار دەنگ زیاتری لە رکەبەرە کۆمارییەکەی (دۆناڵد ترەمپ) بەدەستهێنا؛ (65.8 ملیۆن بەرامبەر 62.9 ملیۆن)، بەڵام بەهۆی بردنەوەی ویلایەتە یەکلاکەرەوەکانەوە، کاندیدی کۆمارییەکان (دۆناڵد ترەمپ) توانی 304 کورسی لە کۆمەڵەی هەڵبژاردن بباتەوە بەرامبەر 227 کورسی و ببێتە سەرۆك.



لەبەرئەوە؛ مەرج نییە ئەو کاندیدەی لەسەر ئاستی ئەمریکادا زۆرینەی دەنگەکانی هەبێت زۆرینەی کورسییەکان بباتەوە!


## دابڕشتنەوەی بازنەکان و دیاردەی جێریماندەرینگ

بەپێی یاسای ئەمریکا، دوای هەر سەرژمێرییەکی گشتی و هەندێك جار لە نێوان خولەکاندا (بە بڕیاری دادگا یان دەسەڵاتی یاسادانان)، سنووری بازنەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران دادەڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی ژمارەی دانیشتووانی بازنەکان لەناو هەر ویلایەتێکدا یەکسان بێت.

- **دیاردەی جێریماندەرینگ** (Gerrymandering): بریتییە لە گۆڕینی سنووری جوگرافیی بازنەکانی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی ناڕێك و نائاسایی لەلایەن پارتە باڵادەستەکانەوە لە ویلایەتەکاندا، بە ئامانجی کۆکردنەوەی دەنگدەرانی پارتی دەسەڵاتدار لە چەند بازنەیەکی دیاریکراودا (Packing) یان بڵاوکردنەوەی دەنگدەرانی پارتی ئۆپۆزسیۆن بەسەر چەند بازنەیەکدا (Cracking).

لە داتاکانی هەڵبژاردنی 2026دا دەرکەوت، دابڕشتنەوەی بازنەکانی هەڵبژاردن لە ویلایەتەکانی وەك تەکساس و فلۆریدا لە بەرژەوەندیی پارتی کۆمارییەکان ئەنجامدرابوو، بەڵام کاتێك شەپۆلی بەشداریی دەنگدەران بەرزبۆوە و گەیشتە (نزیکەی 125 ملیۆن دەنگدەر)، دەستکاریکردنی سنووری بازنەکانی هەڵبژاردن ئەو ڕۆڵەی نەما و بگرە ئەنجامەکان پێچەوانە بوونەوە.

ژمارەی کورسییەکانی ویلایەتەکانی ئەمریکا لە ئەنجومەنی نوێنەراندا - 2026






## پارەدارکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن و سنووربەندییە یاساییەکان

لە سیستەمی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا، دارایی و خەرجییەکانی بانگەشە (Campaign Finance) یەکێکە لە کاریگەرترین فاکتەرەکانی یەکلاکردنەوەی کێبڕکێکان و لەژێر چاودێریی وردی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی فیدراڵی (FEC)دایە.

## سەرچاوەکانی دارایی و سنووربەندییە یاساییەکان

بەپێی یاساکانی فیدراڵی، تاکەکەس و لیژنە تەقلیدییەکانی کاری سیاسی (PACs) سنووردارکراون بۆ بەخشینی پارە بە کاندیدەکان هەیە. بەڵام دوای بڕیاری مێژوویی دادگای باڵای ئەمریکا لە دۆسیەی (Citizens United v. FEC) لە ساڵی 2010، دەرگا بۆ دوو جۆر میکانیزمی دارایی بەرفراوان کرایەوە:

- سۆپەر پاکەکان (Super PACs): ئەو لیژنانەن کە دەتوانن بڕێکی بێشومار پارە لە کۆمپانیاکان، سەندیکاکان، و ملیاردێرەکان کۆبکەنەوە و خەرجی بکەن بۆ پشتگیریکردن یان دژایەتیکردنی کاندیدەکان، بە مەرجێك ڕاستەوخۆ و بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمی بانگەشەی کاندیدەکەدا کارنەکەن.
- پارەی تاریك (Dark Money): بریتییە لەو خەرجییە سیاسییانەی لە ڕێگەی ڕێکخراوە قازانجنەویستەکانەوە ((4)(c)501) خەرج دەکرێن و بەپێی یاسا ناچار نین ناوی بەخشەرە سەرەکییەکانیان بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکەن.

## ئاراستەی خەرجییەکان لە هەڵبژاردنی نوێکردنەوەی نیوەیی (2026)دا

- چڕبوونەوەی خەرجییەکان لە ویلایەتە یەکلاکەرەوەکاندا: زیاتر لە 65٪ی کۆی خەرجییەکانی ئەنجومەنی پیران تەنها لە 8 ویلایەتی سەرەکی (وەك تەکساس، مەین، کارۆلاینای باکوور، ئۆهایۆ، و جۆرجیا) کۆبوونەوە.
- گۆڕانی نەخشەی ڕیکلامەکان: لەم خولەدا پشکی شێری خەرجییە میدیاییەکان لە تەلەفزیۆنە تەقلیدییەکانەوە بەرەو پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، پۆدکاستەکان و بانگەشەی ئاراستەکراو (Micro-targeting) لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا گواستراونەوە.

## دۆخی دارایی ژیانی حزبایەتی لە ئەمریکادا

لە سیستەمی سیاسی ئەمریکادا هیچ بڕە پارەیەك لە خەزێنەی گشتی دەوڵەتەوە وەك پاداشتی بردنەوە نادرێت بە حزبە براوەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و پیران. حزبەکانی وەك (کۆماری و دیموکرات) بە تەواوی پشت بە کۆکردنەوەی بەخشین (Fundraising) لە هاووڵاتیان و لایەنگران و لیژنەکانی کاری سیاسی دەبەستن. تەنانەت دوای بردنەوەی هەڵبژاردنیش، حزبەکان دەبێت خۆیان تێچووی کارمەند و بارەگا و ئاهەنگەکانی دەستبەکاربوونیان دابین بکەن. سەرچاوەی ئەم پارەیەش لە باجی خۆبەخشانەی هاووڵاتیانەوە دێت.

تاکە بواریك کە تێیدا بودجەی گشتی بەکاردێت، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکایە. ئەویش پاڵپشت بە یاسای "سندوقی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی" و بەپێی ئەم قۆناغبەندییەی خوارەوەیە:

- **قۆناغی هەڵبژاردنی بەرایی (Primaries):** حکومەت بڕێك پارەی هاوتا (Matching Funds) دەداتە کاندیدەکانی سەرۆکایەتی (بە مەرجێك کاندیدەکە خۆی توانیبێتی لانیکەم لە 20 ویلایەتدا بڕێك پارەی کەمی کۆکردبێتەوە).
- **قۆناغی هەڵبژاردنی گشتی (General Election):** حکومەت بڕێکی دیاریکراو دەداتە کاندیدی سەرەکی هەردوو حزبەکە (بۆ نموونە لە ساڵانی ڕابوردودا لە دەوروبەری 100 ملیۆن دۆلاردا بووە و بەپێی هەڵاوسانیش دەگۆڕێت).

وەرگرتنی ئەم پارەیە لە دەوڵەت مەرجێکی قورسی هەیە؛ هەر کاندیدێك ئەم بودجەیە لە حکومەت وەربگرێت، بۆی نییە هیچ بەخشینێکی تایبەت لە هاووڵاتیان وەربگرێت و دەبێت تەنها بەو بڕە پارە سنووردارەی حکومەت هەڵمەتەکەی بکات. بەڵام بە هۆکاری ئەوەی تێچووی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا گەیشتۆتە سەرووی یەك ملیار دۆلارەوە، لەبەرئەوە لە ساڵی (2008)ەوە تا ئێستا هیچ کاندیدێکی سەرەکی کۆماریی یان دیموکرات ئەم بودجەیەی دەوڵەتی وەرنەگرتووە و ڕەتیان کردۆتەوە!

## پێدانی بودجە بە حزبی تازە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی

هیچ بودجەیەك بۆ خەرجی ڕۆژانە، کرێی ئۆفیس، مووچەی کادیران و بەڕێکردنی چالاکییەکانی هیچ حزبێك (نە کۆن و نە تازە) نادرێت.

حزبی تازە یان حزبە بچووکەکان (وەك حزبی سەوز یان لیبرتاریان) لە کاتی هەڵمەتی سەرۆکایەتیدا:

- ئەگەر حزبی تازە بێت و پێشتر بەشداری هەڵبژاردنی نەکردبێت، هیچ بودجەیەك پێشوەختە وەرناگرێت.
- بەپێی یاسای FEC، حزبی بچووك یان تازە تەنها کاتێك دەتوانێت لە داهاتوودا شایستەی وەرگرتنی بەشێك لە بودجەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بێت، کە لە هەڵبژاردنی پێشوودا توانیبێتی لانیکەم (5٪)ی کۆی دەنگەکانی ئەمریکا بەدەستبهێنێت (ئەمەش بە "حزبی بچووك – Minor Party" پۆلێن دەکرێت و بڕێك پارەی پێدەدرێت کە ڕێژەییە بەپێی دەنگەکانی).

## ڕێکخستنی یاسایی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، سیستەمی دارایی حزبە سیاسییەکان و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن یەکێکە لە ئاڵۆزترین و وردترین سیستەمە داراییەکان لە جیهاندا. بەپێی یاساکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕێنماییەکانی کۆمیسیۆنی فیدراڵی هەڵبژاردنەکان (FEC)، حزبە سیاسییەکان لە ئەمریکادا وەك ڕێکخراوی تایبەت و سەربەخۆ لە دەوڵەت مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، نەك وەك دامەزراوەی فەرمی حکومی، کە بودجەی بەردەوامیان لە خەزێنەی گشتییەوە بۆ تەرخان بکرێت.

## چێوەی یاسای فیدراڵی تایبەت بە ڕێکخستنی ژیانی دارایی حزبەکان

بەپێی تۆمارەکانی کۆنگریس و کۆمیسیۆنی فیدراڵی هەڵبژاردنەکان (FEC)، چوارچێوەیەکی یاسایی فیدراڵی تۆندوتۆڵ بۆ ڕێکخستنی دارایی حزبەکان و کاندیدەکان هەیە. گرنگترین ئەو یاسایانە بریتین لە:

- یاسای هەڵمەتی هەڵبژاردنی فیدراڵی (FECA – ساڵی 1971):

ئەم یاسایە بەردی بناغەی یاساکانی دارایی هەڵبژاردنەکانە لە ئەمریکادا، کە دوای ئابڕووچوونەکەی "واتەرگەیت"[1] لە ساڵی 1974دا هەموارکرایەوە و دامەزراندنی کۆمیسیۆنی فیدراڵی هەڵبژاردنەکان (FEC) لێکەوتەوە وەك دەستەیەکی سەربەخۆ بۆ چاودێریکردن و سەپاندنی سزای دارایی و ئاشکراکردنی سەرچاوەی داهاتی حزبەکان.

[1] ) واتەرگەیت (Watergate) ئابڕووچوونێکی سیاسییە لە ئەمریکادا و لە ئەنجامی بەدواداچوون بۆ بردنەژوورەوەی نایاسایی ئامێری چاودێری و گوێگرتنەوە بۆ ناو ئۆفیسی حزبی دیموکرات لە ساڵی 1972دا، مامەڵە داراییەکانی ڕیچارد نیکسۆنی سەرۆکی ئەمریکا لەناو ئۆفیسەکەیدا ئاسکرا بوو، کە داینابوو بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنەوەی خۆی. ناوی «واتەرگەیت» لە ناوی کۆمەڵە بینایەکەوە هاتووە کە ئۆفیسەکەی دیموکراتەکانی تێدا بوو لە واشنتۆن.

- یاسای چاکسازی هەڵمەتی هەڵبژاردنی دوو حزبی (BCRA – ساڵی 2002):

ئەم یاسایە بە یاسای "مەکەین-فینگۆڵد" ناسراوە و ئامانجی سەرەکی قەدەغەکردنی بەخشینی پارەی بێسنوور و نادیار (Soft Money)ی ڕاستەوخۆ بوو بە "کۆنگرەی نیشتمانی پارتی دیموکراتەکان (DNC)" و "کۆنگرەی نیشتمانیی کۆمارییەکان (RNC)".

- بڕیارەکانی دادگای باڵای ئەمریکا (بەتایبەت بڕیاری Citizens United – ساڵی 2010):

ئەم بڕیارەی دادگا دەستی کۆمپانیاکان و سەندیکاکانی ئاوەڵا کرد لە خەرجکردنی پارەی سەربەخۆدا و وەک جۆرێک لە "ئازادی ڕادەربڕین" هەژماری کرد، پاڵپشت بە هەمواری یەکەمی دەستوور، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی (سوپەر پاکەکان- Super PACs).

## سەقفی بەخشین بە حزبەکان لەلایەن تاکەکەس و کۆمپانیا و سەندیکاکانەوە

کۆمسیۆنی فیدراڵی هەڵبژاردنەکان (FEC) هەموو دوو ساڵ جارێک (بەپێی ڕێژەی هەڵاوسانی ئابووری) سەقفی بەخشینەکان نوێ دەکاتەوە. بەپێی سیستەمی ئەمریکا، جیاوازییەکی ڕیشەیی هەیە لە نێوان "بەخشینی ڕاستەوخۆ" بۆ حزب و کاندیدەکان، لەگەڵ "بەخشینی ناڕاستەوخۆ" لە ڕێگەی سووپەر پاکەکانەوە:

| بەخشەر<br>سەرچاوەی پارە) | بەخشین بە لیژنەی نیشتمانی حزب لە ساڵێکدا | بەخشین بە کاندیدێکی دیاریکراو لە هەڵبژاردنێکدا | بەخشین بە Super PAC<br>(خەرجی سەربەخۆ) |
|---|---|---|---|
| تاکەکەس<br>(هاوواڵاتی<br>ئەمریکی) | سنووردارە (لە دەوروبەری 41,300 دۆلار بۆ کاروباری گشتی حزب و تا سەرووی 120,000 دۆلار بۆ هەژمارە تایبەتەکانی وەک کۆنگرەی حزب) | سنووردارە (لە دەوروبەری 3,300 دۆلار بۆ هەڵبژاردنی بەرایی و 3,300 دۆلار بۆ هەڵبژاردنی گشتی) | بێسنوورە (Unlimited) |
| کۆمپانیا<br>بازرگانییەکان | قەدەغەیە – بەپێی یاسا کۆمپانیا بۆی نییە ڕاستەوخۆ پارە بداتە حزب | قەدەغەیە (0 دۆلار) | بێسنوورە (Unlimited) |
| سەندیکاکانی<br>کرێکاران | قەدەغەیە (٠ دۆلار) – ڕاستەوخۆ قەدەغەیە (تەنها لە ڕێگەی PAC-ی تایبەت بە خۆیانەوە دەتوانن بڕێکی سنووردار ببەخشن) | قەدەغەیە (٠ دۆلار) (تەنها لە ڕێگەی PAC-ەوە دەتوانن تا ٥,٠٠٠ دۆلار ببەخشن) | بێسنوورە (Unlimited) |
| هاوواڵاتی و<br>کۆمپانیای بیانی | بە تەواوی قەدەغەیە (تاوانە) | بە تەواوی قەدەغەیە (تاوانە) | بە تەواوی قەدەغەیە<br>(تاوانە) |

تێبینی:

کۆمپانیا و سەندیکاکان بۆیان هەیە لە پارەی بەخشراوی کارمەند و ئەندامەکانیان، سندوقی تایبەت بە ناوی PAC پێکبهێنن و ساڵانە تا نزیکەی 15,000 دۆلار بدەن بە حزب و 5,000 دۆلاریش بە کاندید.

## سنووربەندیی خەرجییەکانی کۆمارییەکان و دیموکراتەکان

هیچ سەقف و سنووریکی باڵا نییە بۆ بڕی ئەو پارەیەی کە کۆمارییەکان و دیموکراتەکان خەرجی دەکەن. لە ساڵی 1976دا، دادگای باڵای ئەمریکا لە دۆسیەی بەناوبانگی (Buckley v. Valeo) بڕیاریدا کە دانانی سنوور بۆ بڕی خەرجکردنی پارە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا پێچەوانەی دەستوورە، چونکە خەرجکردنی پارە بۆ گەیاندنی پەیامی سیاسی بەشێکە لە ئازادی ڕادەربڕین. بۆیە:

لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا: هیچ سنووریك نییە؛ بۆ نموونە لە خولەکانی هەڵبژاردنی ئەم دواییەدا (2020 و 2024)، تێچووی گشتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە نێوان هەردوو حزب و گروپە پشتیوانەکانیاندا گەیشتۆتە زیاتر لە (5 بۆ 6 ملیار دۆلار).

لە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس و نوێکردنەوەی نیوەیی (Midterm Elections): بە هەمان شێوە هیچ سنووریك نییە. کاندیدێکی ئەنجوومەنی پیران (Senate) لە ویلایەتێکی گەورەی وەك کالیفۆرنیا یان تەکساس دەتوانێت 100 ملیۆن دۆلار خەرج بکات، لە کاتێکدا کاندیدێك لە ویلایەتێکی بچووك ڕەنگە 5 ملیۆن دۆلار خەرج بکات. تێچووی گشتی هەڵبژاردنەکانی نیوەیی (Midterms) لە ساڵی 2022دا گەیشتە نزیکەی 8.9 ملیار دۆلار.

## چاودێریکردن و مەرجەکانی خەرجکردن

تاکە سنووربەندییەك لە خەرجکردندا هەیە ئاشکراکردن و شەفافیەتە. هەر دۆلارێك کە حزبەکان یان کاندیدەکان کۆی دەکەنەوە و خەرجی دەکەن (ئەگەر لە 200 دۆلار زیاتر بێت)، دەبێت ناوی بەخشەرەکە، پیشەکەی، ناونیشانەکەی، و شوێنی خەرجکردنەکەی لە ڕاپۆرتی وەرزیدا بۆ کۆمسیۆنی فیدراڵی هەڵبژاردنەکان (FEC) بنێردرێت و بۆ هەموو خەڵك لەسەر ئینتەرنێت بڵاودەکرێتەوە.

هاوکات وەختێك گروپەکانی (Super PAC) کە پارەی بێسنوور خەرج دەکەن بۆ پشتیوانی کاندیدێك یان هێرشکردنە سەر ڕکابەرەکەی، بەپێی یاسا قەدەغەیە هیچ جۆرە هەماهەنگی و پەیوەندییەکی نهێنییان لەگەڵ خودی کاندیدەکە یان حزبەکەدا هەبێت سەبارەت بە چۆنێتی خەرجکردنی پارەکە.

## کاتەکانی بڵاوکردنەوەی ئەنجامە فەرمییەکانی هەڵبژاردنی نیوەیی

هەموو ئەنجامە کۆتاییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران لە یەک کاتدا بڵاوناکرێنەوە و یەکلایی نابنەوە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە سیستمی فیدراڵیی ئەمریکادا هەر ویلایەتێک سەربەخۆی خۆی هەیە لە ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان، و پەسەندکردنی فەرمیی ئەنجامەکان (Certification).

ئەگەر هەڵبژاردنە نیوەییەکانی 3ی تشرینی دووەمی 2026 بە نموونە وەربگرین، پرۆسەی ڕاگەیاندن و یەکلاییبوونەوەی ئەنجامەکان بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕی:

**1- شەوی هەڵبژاردن (3ی تشرینی دووەمی 2026): ئەنجامە بەراییە خێراکان**

لەو ویلایەت و بازنانەی کە جیاوازیی دەنگی نێوان کاندیدەکانیان زۆر بوو، ئاژانسەکانی هەواڵی وەک (Associated Press - AP) هەر لە شەوی یەکەمدا براوەکانی ڕاگەیاند (بۆ نموونە وەک سەرکەوتنی جەیمس تالاریکۆ لە تەکساس، یان سەرکەوتنی دیموکراتەکان لە ویلایەتەکانی کارۆلاینای باکوور، ئۆهایۆ، و ئایۆوا).

**2- ڕۆژان و هەفتەکانی دواتر: دواکەوتنی بازنە تونەکان و دەنگی پۆستەکانی بەرید**

- دەنگدانی پۆستە و پێشوەختە (Early Voting & Mail-in):

لە ویلایەتەکانی وەک کالیفۆرنیا، واشنتۆن و ئەریزۆنا، ڕێگە دەدرێت ئەو دەنگانەی تا ڕۆژی هەڵبژاردن پۆست کراون، چەند ڕۆژێک دوای 3ی تشرینی دووەمیش بگەنە ناوەندەکانی جیاکردنەوە و ژماردن. هەر بۆیە دوای زیاتر لە هەفتەیەک لە هەڵبژاردنەکە، هێشتا 9 کورسیی ئەنجومەنی نوێنەران لە قۆناغی کۆتایی یەکلاییبوونەوەدا بوون (ئەگەرچی 257 کورسی بۆ دیموکرات و 169 کورسی بۆ کۆماری یەکلایی ببوونەوە).

- سیستمی دەنگدانی پلەبەندیی (RCV):

لە ویلایەتەکانی وەک ئالاسکا و مەیندا، کە سیستمی RCV پەیڕەو دەکەن، ئەگەر هیچ کاندیدێک لە گەڕی یەکەمدا زیاتر لە (50٪)ی دەنگەکانی نەهێنا، دەبێت چاوەڕێی گەیشتنی سەرجەم دەنگەکانی ناوچە دوورەدەستەکان بکرێت تا گەڕی دووەمی گواستنەوەی دەنگەکان ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە تاکە کورسییەکەی ئەنجومەنی پیران لە ویلایەتی ئالاسکا بەهۆی ئەم میکانیزمەوە دواکەوت، ئەگەرچی ئەوەندەشی نەمابوو یەکلابکرێتەوە، لە کاتێکدا ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکانی 99 کورسییەکەی دیکەی ئەنجومەنی پیران (55 دیموکرات و سەربەخۆ بەرامبەر 44 کۆماری) یەکلایی ببوونەوە.

### 3. قۆناغی پەسەندکردنی فەرمی: لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمەوە تا کانونی یەکەم

ئەنجامەکان کاتێک بە فەرمی و یاسایی دەبنە کۆتایی، تا لێژنەکانی هەڵبژاردن لە هەر ویلایەتێکدا واژۆی لەسەر بکەن، ئەمەش لە ویلایەتێکەوە بۆ ویلایەتێکی دیکە کاتی جیاوازی هەیە (بۆ نموونە لە هەندێك ویلایەتدا 10 ڕۆژ دوای هەڵبژاردنە و لە هەندێکی دیکەدا، وەك ویلایەتی کالیفۆرنیا، تا ناوەڕاستی مانگی کانونی یەکەم دەخایەنێت)، بەڵام دەبێت لە هەموو بارێکدا بە فەرمی ناسینی ئەنجامەکان بکەوێتە پێش ئەوەی کۆنگرێسی 120مین لە سەرەتای مانگی کانونی دووەمی 2027دا سوێند بخوات و دەستبەکار بێت.

## ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی نیوەیی ئەنجومەنی نوێنەران و پیران (2026)

لە هەڵبژاردنەکانی 3ی تشرینی دووەمی 2026دا، پارتی دیموکراتەکان توانی سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەستبهێنێت و زۆرینەی هەردوو ئەنجومەنەکەی کۆنگرێس (ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران)ی بردەوە، جگە لەوەی زۆرینەی پارێزگارەکانی ویلایەتەکانیشی کۆنترۆڵ کردەوە.

ئەم خشتەیەی خوارەوە؛ ئەنجامی کورسییە بەرکەوتووەکانی هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و پیران لەگەڵ ئەنجامی پارێزگارەکان لە پێش هەڵبژاردنی نیوەیی 2026 و دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نیوەیی دەخاتەڕوو.

| دامەزراوەکان | کۆی کورسییەکان | پێش هەڵبژاردنی نیوەیی 2026 | | ئەنجامی دوای هەڵبژاردنی نیوەیی 2026 | | جیاوازی (+) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆماریيەکان | دیموکراتەکان | کۆماریيەکان | دیموکراتەکان | |
| ئەنجومەنی نوێنەران | 435 کورسی (زۆرینە: 218) | 220 | 215 | 173 | 257 | 42 + دیموکراتەکان |
| ئەنجومەنی پیران | 100 (زۆرینە: 51 ) | 53 | 47 | 44 | **56** (2 سەربەخۆ) | 9 + دیموکراتەکان |
| پارێزگاری ویلایەتەکان | 50 | 27 | 23 | 20 | 30 | 7+ دیموکراتەکان |




## وەرچەرخانە سەرسوڕهێنەرەکان لە ویلایەتە یەکلاکەرەوەکاندا

- شۆکی ویلایەتی تەکساس:

لە یەکێك لە دیارترین پێشبڕکێکانی ئەم خولە ئەوەبوو کە کاندیدی دیموکراتەکان (جەیمس تالاریکۆ) توانی بەسەر کاندیدی کۆماری (کێن پاکستن)دا سەربکەوێت و ببێتە یەکەم سیناتۆری دیموکرات لە تەکساس لە ماوەی 38 ساڵی ڕابوردودا.

- ویلایەتە گۆڕاوەکان (Flip States):

دیموکراتەکان تواniیان کورسییەکانی ئەنجومەنی پیران لە ویلایەتەکانی مەین (Maine)، کارۆلاینای باکور (North Carolina)، ئۆهایۆ (Ohio) و ئایۆوا (Iowa)، لە کۆمارییەکان ببەنەوە.

- پاراستنی ویلایەتە هەستیارەکان:

دیموکراتەکان تواniیان لە هەردوو ویلایەتی جۆرجیا و میشیگان پارێزگاری لە کورسییە هەستیارەکانی خۆیان بکەن.

## دەرەنجام و لێکەوتە سیاسییەکانی هەڵبژاردنەکە (2027 -2029)

- سەرکەوتنی پارتی دیموکرات لە هەردوو ئەنجومەنەکەی کۆنگریس و بەدەستهێنانی زۆرینەی پارێزگارانیش، هاوکێشەی دەسەڵات لە واشنتۆن بۆ دوو ساڵی داهاتوو (کۆنگریسی 120ـەمین) بە تەواوی دەگۆڕێت.
- دروستبوونی حکومەتی دابەشبوو (Divided Government): کۆنترۆڵکردنی هەردوو ئەنجوومەنی کۆنگریس لەلایەن پارتێکی جیاواز لە پارتی سەرۆك، واتە سەرۆك چیتر ناتوانێت بێ ڕەزامەندیی دیموکراتەکان یاسا سەرەکییەکان تێپەڕێنێت، یان بودجەی فیدراڵی و دەستنیشانکردنی دادوەرەکان و بەرپرسە باڵاکان یەکلایی بکاتەوە.
- دەسەڵاتی لێپێچینەوە و چاودێری (Oversight Power): زۆرینەی دیموکراتەکان سەرۆکایەتیی سەرجەم لێژنە گرنگەکانی کۆنگریس (وەك لێژنەی دادوەری، هەواڵگری، و دارایی) وەردەگرنەوە، ئەمەش دەسەڵاتی بانگهێشتکردنی بەرپرسانی ئیدارە و لێکۆڵینەوە لە سیاسەتەکانی کۆشکی سپیان پێدەدات.
- پێگەی ویلایەتەکان و پارێزگاران: بەدەستهێنانی ٣٠ پۆستی پارێزگار لەلایەن دیموکراتەکانەوە (بەتایبەت لە ویلایەتە کێبڕکێکارەکاندا) کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ساڵی 2028 و جێبەجێکردنی سیاسەتە ناوخۆییەکانی وەك تەندروستی، پەروەردە و مافی دەنگدان.
- لێکەوتەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوە: هەرچەندە سەرۆك دەسەڵاتی فراوانی لە سیاسەتی دەرەوەدا هەیە، بەڵام ئەنجوومەنی پیران دەسەڵاتی پەسەندکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و باڵیۆزەکانی هەیە، هەروەها کۆنگریس لە ڕێگەی بودجەی بەرگری و هاوکارییە دەرەکییەکانەوە دەتوانێت ئاراستەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سنووردار یان ئاراستە بکات.

## فەرهەنگۆک:

ئەم فەرهەنگۆکە چەند زاراوەیەکی سیاسی و دامەزراوەیی و هەڵبژاردنی تایبەت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لەخۆگرتووە و بەپێی پیتی ئەبجەدیی کوردی ڕیزبەندکراوە:

| چەمک و زاراوە | ناساندن |
|---|---|
| ئەنجومەنی نوێنەران (House of Representatives) | ئەنجومەنی خوارەوەی کۆنگرێسی ئەمریکایە، لە 435 ئەندام پێکدێت، کە هەر دوو ساڵ جارێك هەڵدەبژێردرێن و نوێنەرایەتیی دانیشتووانی بازنەی هەڵبژاردن / ویلایەتەکەیان دەکەن. |
| ئەنجومەنی پیران (Senate) | ئەنجومەنی سەرەوەی کۆنگرێسە، لە 100 ئەندام پێکدێت (2 سیناتۆر بۆ هەر ویلایەتێك) و ماوەی خولەکەیان 6 ساڵە. |
| بازنە گۆڕاوەکان / ویلایەتە یەکلاکەرەوەکان (Swing States) | ئەو ویلایەتانەی هەڵبژاردنن، کە هیچ کام لە دوو پارتە سەرەکییەکە (دیموکرات و کۆماری) تێیاندا زۆرینەی جێگیریان نییە و لە هەر هەڵبژاردنێکدا ئەگەری گۆڕینی ئەنجامەکانیان هەیە. |
| پەسەندکردنی فەرمی (Certification) | دوا قۆناغی یاسایی پرۆسەی هەڵبژاردنە لە ویلایەتەکاندا، کە تێیدا بەرپرسانی هەڵبژاردن ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکە لەسەر ئاسی ویلایەتەکەیان واژۆ دەکەن و دەیانکەنە فەرمی. |
| پارەی تاریك (Dark Money) | ئەو پارە و خەرجییە سیاسییانەیە، کە لە ڕێگەی ڕێکخراوە قازانجنەویستەکانەوە لە بانگەشەکاندا خەرج دەکرێن و بەپێی یاسا ناچار نین ناوی بەخشەرە سەرەکییەکانیان بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکەن. |

| چەمك و زاراوە | ناساندن |
|---|---|
| پارتی دیموکرات (Democratic Party) | یەکێکە لە دوو پارتە سەرەکییەکەی ئەمریکا. بە گشتی، لە ناوەڕاست تا چەپی ناوەڕاستی سیاسەتی ئەمریکادا دادەنرێت. زۆرجار پشتیوانی لە ڕۆڵێکی فراوانتری حکومەتی فیدرالی لە بواڕەکانی تەندروستی، بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنی ژینگە دەکات. |
| پارتی کۆماریی (Republican Party) | یەکێکی دیکەی دوو پارتە سەرەکییەکەی ئەمریکایە، بە "GOP"یش ناسراوە. بە گشتی، لە ڕاستی ناوەڕاست و ڕاستی سیاسەتی ئەمریکادا دادەنرێت. زۆرجار پشتیوانی لە کەمکردنەوەی باج، کەمکردنەوەی ڕێکخستنی حکومی لە ئابوریدا و سیاسەتە کۆمەڵایەتییە پارێزگارەکان دەکات. |
| جێریماندەرینگ (Gerrymandering) | دەستکاریکردن و دارشتنەوەی سنووری جوگرافیی بازنەکانی هەڵبژاردنە بە شێوەیەکی ناڕێك لەلایەن پارتی دەسەڵاتدارەوە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی سوودی سیاسی لە هەڵبژاردنەکاندا. (ئەم دارشتنەوەیەی بازنەکان دە ساڵ جارێك ئەنجام دەدرێت) |
| حکومەتی دابەشبوو (Divided Government) | دۆخێکی سیاسییە کاتێك سەرۆکی ئەمریکا سەر بە پارتێکە و زۆرینەی یەکێك یان هەردوو ئەنجومەنی کۆنگرێس لە دەستی پارتی ئۆپۆزسیۆندایە. |
| خەرجی سەربەخۆ Independent Expenditure (IE) | ئەو خەرجییەیە کە کۆمپانیا یان یەکێتییەك دەتوانێت بە پارە و پوولی خۆی بانگەشە بۆ کاندیدێك یان پارتێکی سیاسی بکات، یاخود دژایەتییان بکات، بەو مەرجەی نابێت هەماهەنگی لەگەڵ بانگەشەی کاندیدەکە یان پارتە سیاسییەکەدا هەبێت. |

| چەمك و زاراوە | ناساندن |
|---|---|
| دابەشکردنەوەی بازنەکان (Redistricting) | پرۆسەی کێشانەوەی سنووری بازنەکانی هەڵبژاردن لەناو ویلایەتەکاندا دوای هەر سەرژمێرییەکی گشتی (هەر 10 ساڵ جارێك) بۆ پاراستنی یەکسانیی ژمارەی دانیشتووان لەنێوان بازنەکاندا. |
| دەنگدانی پێشوەختە (Early Voting) | ئەو سیستەمەی کە ڕێگە بە دەنگدەران دەدات چەند ڕۆژێك یان چەند هەفتەیەك پێش ڕۆژی فەرمیی هەڵبژاردن (بە شێوەی ئامادەبوون یان لە ڕێگەی پۆستەوە) دەنگ بدەن. |
| دەنگدانی پلەبەندیی (Ranked-Choice Voting–RCV) | سیستمێکی دەنگدانی سەر بەخێزانی زۆرینەی فرەییە و بۆ بازنەی هەڵبژاردنی یەك کورسی/ نوێنەرە، کە تێیدا دەنگدەر زیاتر لە بژاردەیەکی هەیە و بە پێدانی ژمارەکانی (1، 2، 3...) پلەبەندیی دەکات بۆ کاندیدەکان، لە باشترینەوە بۆ باشترینی کەمتر و بۆ باش، دواتر بەپێی ریزبەندیی لە ژمارە یەکەوە بۆ ژمارەکانی دیکە، دەنگەکانی هەر کاندیدێك زۆرینەی ڕەها (زیاتر لە 50٪)ی بەرکەوت، کورسیی بازنەکە دەباتەوە. |
| هەڵبژاردنی نیوەیی | ئەو هەڵبژاردنەیە، کە لە نیوەی تەمەنی چوارساڵەی سەرۆکی ئەمریکادا بۆ 435 ئەندامەکەی ئەنجومەنی نوێنەران و چارەکی ئەندامەکەی ئەنجومەنی پیران و پارێزگارەکان، ئەنجام دەدرێت. |
| سیستمی براوەی یەکەم First Past the Post (FPTP) | سیستمێکی هەڵبژاردنی سەر بەخێزانی زۆرینەیە و دەنگدەر یەك دەنگ بە یەك کاندید دەدات و ئەو کاندیدەی زۆرترین دەنگیی بەدەستهێنا، دەبێتە براوەی بازنە تاك کورسییەکەی. |
| سیستمی دوو خولی Two Round (TR) | سیستمێکی هەڵبژاردنی سەر بەخێزانی زۆرینەیە و ئەگەر دەنگەکانی هیچکام لە کاندیدەکان نەگەیشتە زۆرینەی ڕەها (واتە 50٪+1)، ئەوا خولی هەڵبژاردنی دووەم لەنێوان ئەو دوو کاندیدەدا دەکرێتەوە، کە زۆرترین دەنگیان هێناوە. |

| چەمك و زاراوە | ناساندن |
|---|---|
| سیستمی چاودێری و هاوسەنگی (Checks and Balances) | کۆمەڵێك میکانیزمی دەستوورییە کە ڕێگە بە هەر یەك لە سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری دەدات، لە سنووری دەسەڵاتەکانی خۆیدا، چاودێریی دوو دەسەڵاتەکەی دیکە بکات یان سنوور بۆ بڕیارەکانیان دابنێت. ئامانجی سیستەمەکە ڕێگریکردنە لە کۆبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی یەك لایەن. بۆ نموونە، سەرۆك دەتوانێت پرۆژەیاسایەکی پەسەندکراوی کۆنگرە ڤیتۆ بکات. کۆنگرەش دەتوانێت بە دەنگی دوو لە سێی هەر یەك لە دوو ئەنجومەنەکەی ڤیتۆکە تێپەڕێنێت. |
| سۆپەر پاك (Super PAC) | لیژنەی کاری سیاسیی سەربەخۆیە و دەتوانێت بڕێکی بێشومار پارە کۆبکاتەوە و خەرجی بکات بۆ پشتگیریکردن یان دژایەتیکردنی کاندیدەکان، بە مەرجێك هەماهەنگیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەڵمەتی هەڵبژاردنی کاندیدەکەدا نەبێت. |
| کورسیی گۆڕاو (Flip Seat) | ئەو کورسییەیە لە دەستی پارتێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ پارتەکەی بەرامبەر. |
| هەڵبژاردنی ناوخۆی حزبی (Caucus) | هەڵبژاردنی بەرایی ناوخۆی حزبە سەرەکییەکانی ئەمریکایە و تێیدا ئەندامانی حزب یاخود خەڵکی ئاسایی دەتوانن دەنگ بە کەسێك بدەن تا ببێتە ئەندامی کۆنگرەی نیشتمانی پارتەکە و لەوێشەوە کاندید بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەڵدەبژێردرێت. |

| چەمك و زاراوە | ناساندن |
|---|---|
| کۆڕبەندی هەڵبژێر (Electoral College) | ئەو سیستەمە دەستوورییەیە، کە لە ئەمریکادا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگری سەرۆك بەکاردێت. لەم سیستەمەدا سەرۆك ڕاستەوخۆ بە کۆی دەنگی گشتیی هاووڵاتیان (Popular Vote) هەڵنابژێردرێت، بەڵکو لە ڕێگەی نوێنەرانی ویلایەتەکانەوە یەکلایی دەکرێتەوە، کە ژمارەیان لە 538 (هەڵبژێرەر-Electors)ی ئەنجومەنی کۆنگرێس پێکدێت: (435 نوێنەری ئەنجومەنی نوێنەران و 100 نوێنەری ئەنجومەنی پیران لەگەڵ 3 نوێنەری پایتەختی فیدراڵیی "واشنتۆن دی سی"). |
| کۆمسیۆنی هەڵبژاردنە فیدراڵییەکان Federal Elections Commission (FEC) | دامەزراوەیەکی سەربەخۆی فیدراڵییە و ساڵی 1975 دامەزراوە. ئەرکی سەرەکیی ئەم کۆمسیۆنە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەیە، کە پەیوەستن بە دابینکردنی دارایی بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنە فیدراڵییەکانی وەك هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نوێنەران. |
| کۆمیتەی نیشتمانیی دیموکراتەکان (DNC) | (DNC) کورتکراوەی "Democratic National Committee"ـە، کۆمیتەی بەڕێوەبەریی پارتی دیموکراتە لە ئاستی نیشتمانیدا. لە کارەکانیدا هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی پارتەکەدا هەیە لە ویلایەتەکاندا بۆ کۆکردنەوەی پارە و ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی نیشتمانیی پارتەکە. |
| کۆمیتەی نیشتمانیی کۆمارییەکان (RNC) | (RNC) کورتکراوەی "Republic National Committee"ـە، کۆمیتەی بەڕێوەبەریی پارتی کۆمارییەکانە لە ئاستی نیشتمانیدا. هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی پارت لە ویلایەتەکاندا دەکات، پارە کۆدەکاتەوە و ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی نیشتمانیی پارت دەکات. |
| مەرجی بردنەوەی سەرۆك | بۆ ئەوەی کاندیدێك ببێتە سەرۆکی ئەمریکا، پێویستە لانیکەم لە کۆی 538 دەنگەکەی کۆمەڵەی هەڵبژێر، زۆرینەی ڕەها بەدەستبهێنێت، کە دەکاتە 270 دەنگ. |

| چەمك و زاراوە | ناساندن |
|---|---|
| میکانیزمی بردنەوەی هەمووی (Winner-Take-All) | ئەم میکانیزمە لە هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەمریکادا بەکاردێت، لە ڕێگەی "کۆمەڵەی هەڵبژێرەوە"ی 48 ویلایەت و واشنتۆن دی سیدا، کە تێیدا هەر کاندیدێك زۆرینەی دەنگی هاوواڵاتیانی ئەو ویلایەتە بباتەوە (تەنانەت ئەگەر بە جیاوازیی یەك دەنگیش بێت)، هەموو دەنگەکانی کۆمەڵەی هەڵبژێری ئەو ویلایەتە بۆ خۆی دەبات (تەنها دوو ویلایەتی "مەین" و "نێبراسکا" نەبێت، کە بردنەوەی ویلایەتەکەیان لەسەر بنەمای بردنەوەی کورسییەکانی بازنەکانە). |
| ناهاوسەنگیی نێوان دەنگەکان و کورسییەکان (Disproportionality) | مەبەست لەو جیاوازییەیە، کە لەنێوان ژمارەی دەنگەکان و ژمارەی کورسییە بەرکەوتەکاندا ڕوودەدات، بە تایبەتی لە هەندێك هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکادا، کە جێگەی ڕەخنەیە لە سیستەمی هەڵبژاردنی ئەمریکا. |
| هەڵبژاردنی بەرایی (Primary Election) | ئەو هەڵبژاردنە ناوخۆییەی پارتەکانە، کە تێیدا هەر پارتێك کاندیدی فەرمیی خۆی دیاری دەکات بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی گشتیدا بەشداری کێبڕکێ بکات. |
| هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی (Presidential Election) | هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکایە بۆ ماوەی چوار ساڵ، کە لە یەکەم سێشەممەی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ڕۆژمێری هەڵبژاردندا ئەنجام دەدرێت. |
| یەکەی کارگێڕیی (County) | یەکەیەکە لە دابەشکاریی ناوخۆی زۆربەی ویلایەتەکانی ئەمریکا، کە لە ئاستێکی خوارتر لە ویلایەت دایە. ئەرك و دەسەلاتەکانی بەپێی یاسای هەر ویلایەتێك جیاوازن. لە زۆر ویلایەتدا، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لە ئاستی ناوخۆیی یەکێکە لە ئەرکەکانی ئەم یەکانە. |
| یەکەی کارگێڕیی هاوتا (County equivalent) | یەکەیەکی جوگرافییە و دەزگای ئاماری ئەمریکا لە هەمان ئاستی یەکەی کارگێڕیی (County)دا هەژماری دەکات. |

سەرچاوەکان:

1- کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی فیدراڵی (Federal Election Commission - FEC): داتاکانی پارەدارکردنی بانگەشە و دەنگە فەرمییەکان. لێرەدا بیخوێنەوە

2- ماڵپەڕی فەرمیی ئەنجومەنی نوێنەران (house.gov) و ئەنجومەنی پیران (senate.gov): پێکهاتەی کۆتایی سەدو بیستەمینی کۆنگرێسی ئەمریکا.

3- دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (1787)، ئەرشیفی نیشتمانی National Archives.

4- ئاژانسی ئەسۆشیەیتد پرێس (AP) و پلاتفۆرمی Ballotpedia: داتای وردەکاریی بازنەکان، پارێزگاران، و سیستمی دەنگدانی پلەبەندیی (RCV).

5- ئارام جەمال، ئەوەی پێویستە لەبارەی سیستمەکانی هەڵبژاردنەوە بیزانین، لە بڵاوکراوەکانی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن، چاپی یەکەم، کانونی دووەمی 2021، چاپخانەی ناوەندی سارا.

6- سەربەست مستەفا ڕەشید ئامێدی، کورتەیەك لەبارەی سیستمەکانی هەڵبژاردن "عێراق وەکو نموونە"، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەراوردکارییە، چاپی یەکەم/2023، چاپخانەی تاران-ئێران.

7- نوسینگەی سێنسەسی ویلایەتە یەکگرتووەکان (Bureau Census US)، مارسی 2026.

# Guide to the U.S. Midterm Elections | 2026

*An analysis of the electoral system, redistricting, campaign finance and its limits, and the results of the U.S. congressional and gubernatorial elections*


**Aram Jamal**
Head of Kurdish Institute for Elections -KIE

**Sarbast Mustafa**
Head of STEP organization for Democracy & Elections